
ئەحمەد کانی بۆ دیداری هەولێری پزیشکی ددان: تۆێژینەوە نوێیەکان خزمەت بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری جووتیار عەلی بەرپرسی لێژنەی ناوچەی ئاسۆ، بەشداری لە دیداری هەولێری کرد کە بە ئامادەبوونی سەرۆک و مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆی هەولێری پزیشکی بۆ پزیشکی ددان ڕێکخرابوو. لە دیدارەکەدا کۆمەڵێک بابەتی زانستی لە بواری تەندروستی و پزیشکی ددان لە لایەن پسپۆڕانی بوارەکە پێشکەشکران، کە لەگەڵ ئەو ڕێگا زانستییانەی دەبنە هۆی مانەوە و تەمەندرێژی ددان. ئەحمەد کانیش وێڕای دەستخۆشی کردن لە زانکۆی ناوبراو بۆ ڕێکخستنی دیدارەکە،ئاماژەی بەوە کرد ئەو دیدار و کۆنفرانسە زانستییانە لەهەر بوارێک بێت خزمەت بە هاوڵاتیان دەکات، بەتایبەت لە بواری تەندروستی و پزیشکی ددان ڕۆژانە پسپۆڕانی بواری پزیشکی ددان خزمەتگوزارییەکانی دیکەیە و پێشی وابوو پسپۆڕانی کوردستان لە ئاست و توانای تۆێژەر و پسپۆڕانی دونیان و تۆێژینەوە باشەکانیان بەڵگەی ئەوەن.بەرپرسی لقی دوو ئومێدی خواست سااڵنە بەو دیدار و کۆنفرانسانە تۆێژینەوەی نوێ لە بواری تەندروستیدا ئەنجام بدرێن و کوردستانیش لە کاروانی پێشوەچوونی دونیا دانەبڕێت.

بەبۆنەی یانزدەیەمین ساڵیادی دامەزراندنیان پیرۆزبایی ئاراستەی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری کرا



بەمەبەستی پیرۆزبایی لە 11یەمین ساڵیادی دامەزراندنیان، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەمەبەستی پیرۆزبایی لە 11یەمین ساڵیادی دامەزراندنیان، بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتی مەسیحییەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی بارەگای ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری لە عنکاوە کرد و لەلایەن جەمیل زەیتۆ سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامانی ئەنجومەن پێشوازی کرا.

لە دیدارێکدا دوای بەرز ڕاگرتن و پیرۆزباییکردن لە ئەندامانی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی، هیوای خواست ئەم یادە هەنگاوێکی باشبێت بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندی گشت پێکهاتەکانی مەسیحی و هەموو ئاین و نەتەوەکانی تر لە هەرێمی کوردستان. هەروەها تەئکیدی لە پاراستن و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان و خزمەتکردنی زیاتری پێکهاتەکانی مەسیحی و گرنگی دان بەماف و داخوازییەکانیان وەک پێکهاتە و بەشێکی ڕەسەن لە هەرێمی کوردستان کردەوە، هاوکات تیشکخرایە سەر دواین پێشهات و بارودۆخی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردن و هەڵوێستی پێکهاتەکان لەبەرامبەر ئەم پڕۆسە دیموکراسییە دەرئەنجامەکانی خرایە بەرباس.

پاشان هەردوولا جەختیان لە یەکریزی و هەماهەنگی کارکردن لە پێناو پاڵپشتی کردن بۆ سەرکەوتنی کوردستان لەم قۆناغە هەستیارەدا کردەوە.

ژ ئەنجامێ لێدانا بریسیەکێ 102 سەرێن پەزی ل گوندەکێ ناحیا مانگێشکێ هاتن کوشتن



خەبات- دهۆک: ل ڕۆژا 2018/5/15 و ژنەنجامێ لێدانا بریسیەکێ 102 سەرێن پەزی ل گوندێ چەمترێ لناحیا مانگێشکێ هاتن کوشتن و8 پەزێن دی هاتنە بریندارکرن. ل دوڤ ژێدەرێن قیتەرنەری ل سنورێ ناحیا مانگێشکێ ئەف ڕویدانە چێبوبە پشتی بریسیەکێ ل دارەکێ دای کو پەزێ هاوڵاتییەکێ گوندێ چەمترێ سەرب ناحیا مانگێشکێ ل سنورێ قەزا دهۆکێ لبن وێ دارێ بێ مخەلبو کو ژمارا وی پەزی 110 بون ژوانا 102 پەزێ سپی و بزنێن ڕەش ئێکسەر هاتنە کوشتن و8 دی هاتنە بریندارکرن. خودانێ وی پەزی ژی داخاز ژلایەنێن پەیوەندیدار کریە کو هاریکاریا وی بهێتە کرن و قەرەبویا پەزێ وی بکەن. هەژی گوتنێ یە ئەف سالە ل وەرزێ بهارێ و ژئەنجامێ کەشوهەوایێ ئەور و بارانی لەهی و ئاڤ رابون ژی ل گەلەک دەڤەرا ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ چێبوینە زیانێن مادی و گیانی گەهاندبونە وەلاتییێن سەنتەرێ قەزاییێن دهۆک وسێمێلێ وناحیا فەیدیێ و 4 وەلاتی ژی شەهیدبون و زیان گەهشتبونە پتر ژ 230 مال و دوکان و تروسبێلێن خەلکی پاش ئەو زینقێتێکەفتی ل دوڤ بریارا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ هاتبونە قەرەبوکرن.

هەماهەنگییەکانی نێوان ئەنجومەنی باڵای خانمان و ڕێکخراوی USAIDی ئەمریکی تاوتوێکران



ڕۆژی چوارشەممە 2018/5/16 پەخشان زەنگنە ئەمیندارای گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە ئامادەبوونی فلۆرین گۆرگیس سێودین بەڕێوەبەری گشتی دیوانی ئەنجومەن، و دلێر ئیبراهیم بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، پێشوازیان لە شاندێکی ڕێکخراوی USAIDی ئەمریکی کرد، کە پێکهاتبوو لە سوعاد لامی بەرپرسی پڕۆگرامەکانی ڕێکخراوەکە لە عێراق و خەدیجە ڕەسەن بەڕێوەبەری پڕۆژەکان و فردۆس مەجید ڕێکخەری کاروباری جێنەدەری لە ڕێکخراوەکەدا. لە دیدارێکی هاوبەشدا، پڕۆژەکانی ڕێکخراوەکە لە هەرێمی کوردستان خرایە بەرباس کە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ دەکرێت لە بوارەکانی ئامادەکردنی داتابەیسێکی جێنەدەری و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی بڕیاری 1325ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە بوارەکانی مەشق و ڕاهێنان، هەروەها میکانیزمی کردنەوەی یەکەکانی درفەتی یەکسان لە وەزارەت و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا. لە تەوەرێکی تری دیدارەکەدا پڕۆژەکانی ڕێکخراوەکە لە بوارەکانی ئامادەکردنی ڕۆلی ئافرەتان لەم ڕووەوە خرانە بەرباس.

وەزارەتی تەندروستی تۆمارکردنی حاڵەتێکی تووشبوو بە نەخۆشی ئیبۆلا لە هەولێر ڕەتدەکاتەوە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دکتۆر خاڵس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بەخەباتی ڕاگەیاند: نەخۆشی ئیبۆلا نە لە کوردستان و نە لە عێراقیش نییە و ئەو دەنگۆیانەی کە دەربارەی ئەو نەخۆشییە کە بلاو کراونەتەوە دوورن لە ڕاستی و بە هەموو شێوەیەک دەنگۆی ئەو نەخۆشییە لە سنووری پارێزگای هەولێر کە بلاو کراوتەوە ڕەت دەکەینەوە.

هەروەها گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئاماژەی بەوەدا لەسنووری پارێزگای هەولێر حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆنگۆ هەبووە کە ئافرەتێک مەڕومااڵتیان هەیە تووشبووە و ئێستا وەزارەتی تەندروستی بە هاوکاری و هەماهەنگی بەیتەرە ئەو شوێنەیان ڕشاندووە و کۆنترۆڵیان کردووە و پێویستە بە هاووڵاتیانی ڕابگەیەنین ئەو نەخۆشییە لە ڤایرۆسی ئیبۆلا جیاوازترە لەبەر ئەوەی ئەم نەخۆشییە لە گەنەی ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە و نیشانەکانیشی ئەوەیە کە بەخێرایی بلاو نابێتەوە و کەسی تووشبوو تای لێ نایەت. لێرەوە هاووڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە کە هیچ مەترسییەک لەسەر کەس دروست نابێت و نەخۆشی ئیبۆلا لە هەولێر ڕەتدەکەینەوە. لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەربارەی بلاوبوونەوەی هەواڵی نەخۆشی ئیبۆلا لەچەند پەیج و ئەکاونتێک دەڵێت: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری تەندروستی هەولێر و تیمە پسپۆڕییەکانیان ماوەی چەند ڕۆژێکە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەو پشکنین دەکەن و خۆشبەختانە هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی ئیبۆلا دەرنەچووە.

هەولێر... چاککردنەوەی شەقام و کۆڵانەکانی شار بەردەوامە



خەبات- سەید فەخرەدین: بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دووەم کە یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە شارەوانییەکانی هەولێر هەڵدستیت بەچاککردنەوە ئەو شەقام و کۆڵانانە لە سنوری شارەوانی دوو دان و لەمباریەوە ئەندازیار مازن ئەحمەد بەڕێوەبەری شارەوانی دوو بە خەباتی ڕاگەیاند: تیمەکانمان ڕۆژانە هەڵدستن بە چاککردنەوەی ئەو شەقامانەی کە بەهۆی باران یان بەهۆی ئەو ئۆتومبێلە بارهەڵگرانە کە باریان زۆرگرانە، تێکچوونە. مازن گووتیشی: چاککردنەوەی شەقامە ناوخۆییەکان و کۆڵانەکان گرفتێکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە دروست کردووە چونکە ئەم کارە ڕۆژانەیە و دەبێت بەردەواو خەریکی ئەمە بین و بەشێکی ئەم تێکچوونەش بۆ بەردانی ئاوێکی زۆر و شوشتنی شەقامەکان لەلایەن هاووڵاتیانەوە دێت و داوا لە هاووڵاتیان دەکەین کەوا هەندێک هاوکارمان بن بۆ پاراستنی موڵک و ماڵی گشتی.

دەروازەی سەرزێڕێ بە نێودەوڵەتی دەکرێت



هەرێمی کوردستان وەک دەروازەی نێودەوڵەتی مامەڵەمان لەگەڵدا دەکات و بە فەرمییش بە نێودەوڵەتی ناسێندراوە.

سلێمان بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتیشی: لە ئێستادا هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا کار بۆ بازرگانیکردن و بە نێودەوڵەتیکردنی دەروازەی سەرزێڕێ دەکەن، چونکە دەروازەی نێودەوڵەتی مەرج و پێوەری هەیە، لەبەر ئەوە لە هەردوو لاوە هەنگاوەکان هەرێم و تورکیا هەنگاوەکانیان چڕ کردۆتەوە تا دەروازەی نێودەوڵەتیی سەرزێڕێ بە بازرگانی بکرێت و بەڕێوەبەری کۆمەڵگەکەیش دەڵێ: لە ئێستادا وەک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرێت و لە چەند مانگی داهاتوودا بزاوتی بازرگانی دەست پێدەکات. عیرفان سلێمان، بەڕێوەبەری کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتیی سەرزێڕێ، ڕایگەیاند: دەروازەی سەرزێڕێ وەک دەروازەیەکی گەشتیاری بە ڕووی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان و تورکیادا کراوەتەوە و، ڕۆژانە سەدان هاووڵاتی هاتوچۆ دەکەن، بەاڵم بۆ مەبەستی بازرگانی ڕێگە بە هاووڵاتیان دەدرێت تەنیا بڕێکی کەم و سنووردارى کەلوپەل لەگەڵ خۆیاندا ببەن بۆ تورکیا و بە پێچەوانەوە، بەاڵم وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستیان پێکردووە، هەتا والیی دیاربەکر پێی ڕاگەیاندین کەمتر لە شەش مانگی دیکە خاڵی گومرگی دەکەنەوە و ئێستا لایەنی تورکیا سەرقاڵی دروستکردنی فەرمانگەی گومرکی خۆیانن و ڕێگەیش فراوان کراوە بۆ بارهەڵگر و گواستنەوەی بازرگانی، واتە بە هەردوولامان ئامادەکاری دەکەین لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا بزاوتی بازرگانی لە سەرزێڕێ دەست پێ بکات.